# کورد هاوپەیمانی سروشتی ئیسرائیل لە عێراقدا

دیاری محمد

لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک **مەولود ئافەند سەرنوسەری گۆڤاری ئیسرائیل کورد** وەڵامی موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر دەداتەوە کەدوێنێ لەشاری هەولێر هێرشێکی توندی کردە سەر ئیسرائیل و گوتی ئیسرائیل لەعێراق جێگای نابێتەوە بەڵام ئافەند لەبابەتێکدا بەناونیشانی کورد هاوپەیمانی سروشتی ئیسرائیل لەعێراقدا وەڵامی موقتەدا سەدر دەداتەوە

## کورد هاوپەیمانی سروشتی ئیسرائیل لە عێراقدا

مەولود ئافەند سەرنوسەری گۆڤاری ئیسرائیل کورد

**پێشەکی:**

بەپێی تێگەیشتنی ئیسرائیل و ئەمریکا، تورکیا مۆدێلێکی "عیلمانی" ئیسلامی دیموکراسی نیشان دەدات،ئەو مۆدێلەی تورکیا پێشبڕکێ لەگەڵ مۆدێلی ئیسلامی رادیکالی کۆماری ئیسلامی ئیران دەکات. بەڵام لەساڵی ٢٠٠٣وە حکومەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان،سەرۆکی پارتی دادو گەشەپێدان، لەلایەن دەزگای سەربازی عیلمانییەوە بە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دادگەیەکی ئیسلامی تۆمەتبار کراوە. هەروەها ئەو زیاتر لە جیهانی ئیسلامی نزیک دەبۆوە لەکاتێکدا گفتوگۆکان بۆ بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا لە رۆژەڤ دابوو، رێک لەبەر ئەو هۆیە پێویستە ئیسرائیل هەموو ئومێدێکی خۆی نەخاتە سەر پەیوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ ئەنقەرە.مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان ، هەستی پۆزەتیڤی حکومەتەکەی بەرامبەر بە ئیسرائیل و دەوڵەتی جولەکە دەربڕیووە،بەهەمان شێوە، کوردەکان لە شوێنەکانی دیکەوە هەوڵی کردنەوەی کەناڵەکانی پیوەندییان داوە لەگەڵ ئیسرائیل. ئیسرائیل لەبەر کاردانەوەکانی تورکەکان، بەشێوەیەکی ئاشکراو راستەوخۆ پشتگیری لە مافەکانی کورد نەکردوە و ئەوەش بەئاشکرا هەست پێ دەکرێت،بەتایبەتی لەکاتی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنکارا و تەلئەبیب لەو دوو ساڵەی دوایدا.

**رەوەشی سوریا و هەڵوێستی پارتەکانی ئۆپۆزیسێۆن لەهەمبەر ئیسرائیل:**

لەشوێنەکانی دیکەی دەوروبەری ئەو هەرێمە، پارتە بەرهەڵستکارە دیموکراتەکانخوازەکانی سوریا ئارەزووی خۆیان نیشانداوە بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و هیواخوازیشن ئیسرائیل لەبەرامبەر رژێمی بەعس هەر بەرگریکار نەبێت.ئەمریکا ترسی ئەوەی هەیە رووخانی رژێمی بەعسی عەلەوی سوریا ببێتە هۆی ئەوەی زەمینە بۆ هێزە ئیسلامییە سوننیەتوندڕەوەکان خۆش بێت ،بۆیە حەز دەکات رەوشی ئێستای سوریا وەکو خۆی بمێنێتەوە پێدەچێت ئیسرائیل وئەمەریکا لەو مەترسیانە هاوبۆچووون بن و تا ئێستاش کە دەسەڵاتی بەعس لەوپەری توندو تیژی دایە لەبەرامبەر دەنگی ئازادیخوازانی سەر شەقام بۆ روخانی بەشار ئەسەد.

ئایا رەوشی ئێستای سوریا وەک خۆی دەمێنێتەوە یان گۆڕانێکی لەناکاو لە بارودۆخەکە روودەدات، لەوانەیە ئیسلامییەکان بە پشتیوانی وڵاتە عەرەبیە سوننیەکان دەسەڵات بگرنە دەست لە سوریا.ئەوەش ترسی هەرە گەورەی ئێران لە کاتی ئێستادا کە بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات بەرگری بکات لە روخانی دیواری شیعەییزم لە عێراقی دوای ئەمریکا و سوریای ئێستا،بۆیە هاتنی موقتەدا سەدەر پێش ئەوەی دلسۆزی بی بۆ یەکگرتووی خاکی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەریم و بەغدا،ترسی روخانی شیعەکانە،پرۆژە و ئەجندای سەردانەکەشی تایبەتە بە ستراتیژی سیاسی و بەرژەوەندییەکان کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا کە لە رێگەی کارتی ماڵیکی و موقتەدا سەدرەوە گەمی پێدەکات.

ئێران بەشێوەیەکی ئەوتۆ پێگەی خۆی لە سوریاو لوبنان قایمکردووە تەنانەت ئەگەر رژێمی ئەسەدیش بیەوێت خۆی لە تاران جیابکاتەوە ناتوانێت.چونکە حیزبوڵلا لە لوبنان و شیعەکانی سوریا وبوونی١٠٠ هەزار ئێرانی کە مافی هاووڵاتیبوونیان لە سوریا وەرگرتووە، هەموو ئەوانە رێگە بەو جیابوونەوەیە نادەن. هەروەها، ئێرانیەکان پەرەیان بە هاوپەیمانێتیەکەیان داوە لەگەڵ سوریا کەئەوەش گرەنتی بەردەوامبوونی بوونی ئێران دەکات لە سوریا لەگەڵ کاریگەری ئێران بەسەر سیاسەتەکانی سوریا.

کوردەکان هاوپەیمانی سروشتی ئیسرائیلن لە ناوچەکدا بە گشتی. کورد موسڵمانی میانەڕەون و لێبوردەشن بەرامبەر بە کەمینەکانی دیکە. بۆ گەلی کورد، ئایین بەقەد نەتەوە گرنگ نییە. شوێنی جوگرافیی و فرەکولتوری کورد بەربەستن لەبەردەم پەرەسەندنی ئیسلامی رادیکالی وتوندڕەو، جا شیعە بێت یان سوننە. هەروەها کورد ئارەزووی ئەوە دەکەن ببن بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لەدوای ئیسرائیل و ئەزموونی حوکمرانی کوردیش ئەوەی نیشانداوە لەو چەند ساڵەی دوایدا کە من لە چەندین چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ دۆستانی ئیسرائیل ئەو بۆچوونم بەدی کردوە و ئەوان بە شێوەیەکی زۆر باش لەوە تێگەیشتوونە کە هەریمی کوردستان رۆژبەرۆژ گەشە دەکات و کۆمەڵگەی کوردی توانا و زەمینەی پێشکەوتنی زیاتر هەیە بۆ کرانەوە بە روی جیهانی دەرەوەدا و سەربەخۆی کوردستان خەون نییە و مافی سروشتی گەلی کوردە کە ببێتە خاوەنی کیانی سەربەخۆ.

مەسەلەی نەوت و ئابوری کوردستانیش کارتیکی بەهێزە کە کورد بە گشتی دەتوانی بەکاری بنی بۆ کردنەوەی کاناڵەکانی پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتە زەلهێزەکانی جیهان کە لەم چەند ساڵەی دوايد ئابوری کوردستان گەشەی کردوە و هەریمی کوردستان توانای ناردنە دەرەوی نەوتی هەیە. بۆیە ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت ئێتر پێویست

ناکات کە هەریمی کوردستان لە ڕێگای عێراقەوە یان وڵاتانی مەعامەلەچی نەوت، نەوتەکانیان بە هەرزان بە دەرەوە بفرۆشن.

زۆربەی وڵاتانی ئوروپی کە پێیان وایە کورد ناتوانێت بارێکی سەقامگیر و جێگەی متمانە بگێرێت لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیدا. زۆربەی ئەورووپییەکان، بە ڕوانینێکی ئابووری و بازرگانییەوە سەیری مەسەلەکان دەکەن، پێیان وایە پاڵپشتیکردن لە پێوەندییەکانی کورد – جوولەکە، بەرژەوەندییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لای عەرەبەکانی کەنداو دەخاتە مەترسی و وایان پێ باشترە ئەم کێشەیە هەر لە چوارچێوەی خۆرهەڵاتی ناڤیندا بمێنێتەوە، بۆیە بەگشتی لەو بارەوە بێ لایەنی هەڵدەبژێرن. جگە لە بریتانیا کە دیدێکی زیاتر سیاسی و دووربینانەتری بۆ ڕووداوەکان هەیە و پێیوایە، بەهێزبوونی پێوەندی کورد و جوولەکە، لەوانەیە هەڕەشە لە پێگەی بریتانیا بکات لە ناوچەکە و باشووری عێراق کە باسی ئێستەی ئێمەیە

پەرەگرتنی پێوەندییەکانی کورد و جوولەکە، دواجار دەبێتە مایەی پتەوبوونی کوردەکان لەسەر ئەو نیشتمانەی کە تەنیا جوولەکە پێیوایە کوردستانە و شوێنی دیرۆکی کوردە. کوردەکان لانیکەم لە جوولەکە فێر دەبن کە چۆن بەرگری بکەن لە خاک و وڵات و مێژوو و ڕێگەی سەرخۆبوون پیشانی کورد دەدەن(۱.(

**عێراق و ئیسرائیل:**

ئاڵوگۆڕی ناوچەیی لە عێراقدا بە سوودی ئیسرائیلە هەرچەند تا ئێستا بەو ئامانجانەی دەیەوێتو پێویستە نەگەیشتووە،بەپێچەوانەی لیدوانەکانی موقتەدا سەدر،ئیسرائیل بە هەموو شیوەیەک توانای ئەوەی هەیە کە لە گۆرانکارییەکانی عێراق سوود وەربگری بۆ بەرژەوەندی خۆی کە لیرەدا من لەو چەند خاڵەدا کورتیان دەکەمەوە:

۱ -بەرجەستەکردنی رۆڵی ئەمریکاو بەریتانیا بۆ ڕێکخستنی ئاسایش لە ناوچەکەدا، لە نێوان وڵاتانی ئەتلانتیک ئەم دوو وڵاتە بەتایبەتی ئەمریکا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵا ئیسرائیلدا هەیە. بە سوودی ئیسرائیلە پێشوازی لەم جۆرە هێزانە بکات لە ناوچەکەدا. وڵاتانی ئەوروپایی زیاتر لەم دوو وڵاتە باس لە سەر مەسەلەی عەرەب دەکەنو زیاتر رەخنە دەگرن.

۲ -لاوازکردنی بارودۆخی ستراتیجی ئێرانو سوریا. هاوکات لەگەڵا رووخانی حکومەتێکی دژە ئیسرائیلی، حکومەتێکی ئاشتیخواز بە پاڵپشتی ئەمریکاو بەریتانیا جێگیر کرا کە هەلومەرجی ستراتیجی ناوچەیی بە گوێرەی ویستی ئیسرائیل گۆڕدرا. چونکە ئیسرائیل بە باشی دەتوانێت روبەڕووی گروپە تیروریستیەکان لە ناوچەکەدا ببێتەوەو بەرهنگارەکانی خۆی گۆشەگیر بکات. لە بارودۆخێکی وادا ئەگەر سیناریۆی هێرشی سەربازی دژی سوریا یان ئێران بێتە گۆڕێ، ئیسرائیلو ئەمریکا رووبەڕووی دوخێکی سنوردار دەبنەوە. یەک لە کاریگەریەکانی بارودۆخی ستراتیجیەت

نوێ ئەوەیە کە دەوڵەتی سوریا لە بەرامبەر گوشاری دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بە مەبەستی دەرچوونی هێزەکانی سوریا لە لوبنان پێداگری لە خۆ پیشان نەداو بە خێرایی هێزەکانی خۆی لە خاکی لوبنان کێشایەوە کە ئەڵقەی پەیوەندی ئێران و سوریایە لەگەڵا حزبوڵڵاو گروپە شەڕییەکانی فەلەستینی. لەڕووەوە بە لاوازکردنی بارودۆخی ستراتیجی سوریاو ئێران لە ناوچەکەدا گروپە شەڕکەرە فەلەستینیەکان گڕوتینی خۆیانیان بە گوێرەی رابردوو لە دەست داوەو بە شێوەیەک لە شێوازەکان کەوتوونەتە گومانەوە بۆ درێژەدان بە هێرشە چەکداریەکانیان. حزبوڵڵا سەرەڕای ئەو ئەو ئیمکاناتە بەرچاوەی لە بەر دەستیدایە هەوڵدەدات لە دۆخی سەربازی دوور بکەوێتەوەو وەک ئەکتەرێکی چالاکی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی لوبنان دا دەربکەوێت. هەڵبەت لەبارەی لاوازبوونی بارودۆخی ستراتیجی ئەم دوو وڵاتە بەتایبەتی ئێران ناکرێ بە تەواوی بە شێوەی یەک لایەنە دادوەری بکرێت، چونکە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی شێعەکان لە ناوچەکەدا بۆ ئێران بە هەلومەرجێکی ستراتیجی دەژمێردرێت. لە حاڵێکدا شێعەکانی عێراق بە گوێرەی شێعەکانی ئێران بەرامبەر بە ئیسرائیل تۆزێ هێمن تر رووبەڕووی مەسەلەکە دەبنەوە، چونکە زۆربەی کوردە تێگەیشتووەکان پێیان خۆشە پەیوەندی کوردو ئیسرائیل بەهێز بێت لە بەر ئەوەی ئیسرائیل لە هەموو بوارێکەوە وڵاتێکی پێشکەوتووە، بەتایبەتی بواری کشتو کاڵاو پزیشکیو تەکنەلۆجیاو بواری ژینگەیی کە کورد زۆر پێویستی بەم چەند بواری هەیە. بۆیە عێراق ناتوانێت بە تەواوی بڕیار لە سەر کاروباری ئیسرائیل دەربکات.

٣ -لە دۆخێکی وادا کە ئیسرائیل لە ناوچەکەدا پاڵپشتی هەبێت باشتر دەتوانێت نەوتی رۆژهەڵاتی ناوین بکرێتو کۆمپانیا نەوتیەکانی بە گەرمی بخاتە گەڕ. عێراق یەک لە وڵاتە هەرە بەرهەمهێنەرە نەوتیەکانە. بە ئارامی ناوچەو ئاسایشی زیاتر و هەبوونی هێزی پاڵپشت بۆ ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، ئیسرائیل باشتر دەتوانێت لە کەنداو نزیک ببێتەوەو دەستی بگاتە سەرچاوە وزەییەکان. یەکێک لە هەوڵەکانی ئیسرائیل ورە بەرزکردنەوەی ئەو کوردانەیە کە دەیانەوێت وەک ئیسرائیل وڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێت، چونکە لە دۆخێکی سەربەخۆدا هیچ وڵاتێکی دەورووپشت بۆی نیە پەلاماری شاخو گوندەکانی کوردستان بدات. کە وابوو بۆ ئێرانو سوریاو تورکیا لاوازی ستراتیجی دروست دەبێت. ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت ئیتر پێویست ناکات کوردەکان لە رێگای عێراقەوە یان وڵاتانی مەعامەلەچی نەوت، نەوتەکانیان بە هەرزان بە دەرەوە بفرۆشن، هەروا ئسراییلیش خۆی ماندوو ناکات لە چەندین رێگاوە نەوتی ناوچەکەی دەست بکەوێت. لە دۆخێکی سەربەخۆی وادا ئیسرائیل راستەوخۆ لە مووسڵەوە هێڵی گەیاندنی نەوت دەگەیەنێتە حەیفا و لە بەرنامەکانی خۆیان نزیک دەبنەوە. بە گوێرەی قسەکانی "جۆزێف پارتیسکی" وەزیری دامەزراوە ژێرخانییە نەوتەوەییەکانی ئیسرائیل لە رۆژنامەی "هائارتس"دا لە مانگی مارسی ٢٠٠٤ وتی هێڵێکی وا دەتوانێت هاوکات لەگەڵا بەتواناکردنی بەشی وزەی ئیسرائیل، گرێدراوی ئیسرائیل و پشت بەستنی بە نەوتی روسیا کەمتر بکاتەوە. هەروا ئەم هێڵەی باسمان کە لە کوردستانەوە ئەگەر بەرەو ئیسرائیل بڕوات لە وڵاتی ئەردەنەوە دەڕوات کە لە بواری ئاسایشەوە بە سوودی ئیسرائیلەو پارێزراوە. شایانی باسە لە دەیەی ١٩٤٠ کاتێک بەریتانیەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین دا بوون، پرۆژەی گەیاندنی هێڵی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگای بەندەری حەیفاوە بۆ دەریای ناوەراست بگوازێتەوە، لە خاکی سوریاوە جێبەجێیان کرد، بەڵام هاوکات لەگەڵا سەربەخۆییو پێکهاتنی وڵاتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ ئەم هێڵە نەوتیە داخرا. ئێستا لە بارودۆخی ئێستادا ئەو هەلومەرجە ئامادەیە تا لە خاکی ئەردەنەوە ئەو کارە بکرێت. هەرچەند پێکهێنانی پرۆژەیەکی وا لە بواری ماڵییەوە قورسە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەسکەوتی زۆری بە دوا دەبێت .

٤ -لەگەڵا بنیاتنانەوەی پرۆژەی ئاوەدانی عێراق، پشتیوانی ماڵی وڵاتی ئیسرائیل لە رێگای ئەمریکاو بەریتانیاوە هاتۆتە ئارا. ئەم دەسکەوتانە تەنها دەسکەوتی ماڵی بە دواوە نیە، بەڵکو بە هاتنی تەکنەلۆجیای ئیسرائیل بۆ عێراق، عێراق گرێدراوی ئیسرائیل دەبێتو لە وڵاتانی تر دوور دەکەوێتەوەو ئەوەش دۆستایەتیەکی زیاتر لە نێوانیاندا دروست دەکاتو دەستی وڵاتانی تیرۆر و تێکدەری دراوسێ لە ناوچەکەدا دەبڕێت. هاوکاری ئابوریو تەکنەلۆجیا پێشەکییەکە بۆ هاوکاری سیاسی، لە دۆخێکی وادا بەشداریکردنی بەربڵاوی ئیسرائیل بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق هێمایەکی ئاشتیخوازانە بێت لە نێوان هەر دوولادا .

٥ -بەهێز و رێخۆشکردنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان: لە بواری ئابوریو سیاسییەوە ئەم ناوچەیە بۆ ئیسرائیل زۆر بە سوودەو بە پێچەوانەوە بە سوودی کوردیش دەبێت، چونکە کورد ئیتر پشت بە وڵاتانی دەوروبەر نابەستێت بەڵکو هێلکەو ماستو بنێشت لە وڵاتانی دراوسێوە بۆی بێت. لە پەیوەندییەکی وادا کورد دەبێتە خاوەن تەکنەلۆجیا، شوێنێک کە خاوەنی تەکنەلۆجیا بێت هەرگیز دەستی نیاز بۆ وڵاتانی دەوروپشت درێژ ناکاتەوەو شانی بە لای ستراتیجی ئەواندا شل نابێت. کوردەکان زیاتر لێکچوونیان لەگەڵا جوولەکەکاندا هەیە چونکە هەرچەند کورد لە وڵاتی خۆیدایە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر لە وڵاتی خۆیدا چەوساوەتەوەو تا ئێستاش هەر بندەستە. کەواتە سەربەخۆیی خراپ نیەو باشە. بۆ ئەبێ لە راستیەکان هەڵبێنو بترسین، مرۆڤ یەکجار دەژیت. پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: بڕۆ یان گاڵا دێت یان پەمۆ. هەرچەند رەنگە سیاسەتی کوردەکانی ئێستا سەربەخۆیی نەبێت، بەڵام ئیسرائیلو زۆربەی کوردەکان پێیان خۆشە ئەوە رووبدات. کوردەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک سەیری پەیمانی لۆزان دەکەن کە مافی خۆیانە مافی چارەنووسیان هەبێتو بڕیار لە سەر چارەنوسی نەتەوەییان بدەن. چونکە لە سەر بنەمای پەیمانی لۆزان کوردەکان دەبوایە پاش رووخانی ئەمپراتۆریای عوسمانی ببنە خاوەنی دەوڵەتێک، بەڵام مەعامەلەی زلهێزانی سەر زەوی نەیهێشت بە مافی چارەنووسی خۆیان بگەن. لە دۆخی ئێستادا بیرمەندانو هەڵکەوتووانی ئیسرائیل یارمەتیدانی ئیسرائیل بۆ سەربوخۆبوونی کوردستان بە سوودی هەردوولا دادەنێن کە بیرمەندانو هزرڤانانی کورد لە سەر ئەم باوەڕەن، بە دڵنیاییەوە بە سوودی کوردو کوردستان دەبێت، هەروا کە وتمان کورد لە گرێدراوی بە وڵاتانی بێ سەروبن دوور دەخرێتەوە .

٦ -لاوازکردنی پان عەرەبیزم: ئەمڕۆکە جیهانی عەرەب یکگرتوویی خۆی لە دەستداوە، هاوکات لەگەڵا رووخانی سەدام، وڵاتانی عەرەبی لە مەسەلەی نەتەوەگەرایی عەرەبی دوور کەوتنەوە. چونکە پێشتر دروشمی یەکگرتووییان دەدا. هەروا زۆربەی وڵاتانی عەرەبی پشتیان بە خۆیان بەستووەو خۆیان لە رێکخراوی یەکێتی عەرەبو لیژنەی هاوکاری کەنداو دوور خستووەتەوە. بە دوور کەوتنەوەی وڵاتانی عەرەبی لە عێراق، دەستی دوو وڵاتی بەرەنگاری یەکتر، ئێرانو ئیسرائیل ئاوەڵا بووەتەوەو هەر یەک هەوڵ دەدات زیاتر کاریگەری لە سەر عێراق دابنێت لەو رێگایانەی کە هەیانە .

٧ -نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوینی گەورە: بە هاتنی وڵاتانی رۆژئاوایی بۆ ناوچەکە، چەندین بنەما بۆ دەسپێک دانراوە وەک: دیمۆکراسیو ماڤی مرۆڤ و سکۆلاریزمو بازرگانیی ئازاد. ئەم نەخشەیە لە بنەمادا بۆ لابردنی تیرۆر و نەهێشتنی

توندوتیژیو بێ متمانەییە لە ناوچەکەدا. یەک لەو بنەمایانە دابینکردنی ئاشتیە لە نێوان عەرەبەکانو ئیسرائیل دا. واتە ئەو ئامانجەی کە ئیسرائیلیەکان هەر لە سەرەتای سەربەخۆییانەوە هەوڵیان بۆ داوە .

**بۆیە هیچ گەمەیەک لە ناوچەکدا ناتوانی بی بوونی هەژموونی ئیسرائیل بگاتە کۆتایی و سەرکەوتن بەدەست بێنی**

**بۆ نووسینی ئەم بابەتە چەند سەرچاوەی دەزگای ئیسرائیل-کورد)م بەکار هێناوە**

**مەولوود ئافەند**